حەمەسەعید حەسەن

# کتێبێک لە داهاتوو

* **کتێبێک لە داهاتوو**
* شیعر
* حەمەسەعید حەسەن
* چاپی یەکەم 2000
* بنکەی **خەرمانە**

* **بڵاوکردنەوەی لە سەر ئینتەرنێت "کۆمەڵەی کۆچەر" ٢٠٠٠**

ISBN 91- 973944- 1- 6

## ناواخن


شووشەی بەتاڵ ........ ٥
شووشەی تەمگرتوو ........ ٦
پەیمان ........ ٧
گوڵی باخان ........ ٨
خەیاڵ ........ ٩
تارمایی ........ ١٠
مەحاڵ و خەون ........ ١١
مردن ........ ١٤
نامە ........ ١٥
پیاو ........ ١٦
باوکە من یوسفم ........ ١٧
هەندێ شیعری محەمەد ماغووت ........ ١٩
دوو شیعری یۆران پالْم ........ ٢٤
تریفە ........ ٢٧
داخوازی ........ ٢٩
گەڕانەوە بۆ بەهەشتی یادگار ........ ٢٩
دڵنیایی ........ ٣١
هۆ خوشکێ گیان ........ ٣٢
ژیانێکی بێ کۆتایی ........ ٣٤
شەهیدێک بیروڕای خۆی دەردەبڕێ ........ ٣٩
سنەوبەر ........ ٤٤
گۆرانییەکی خەمگین ........ ٤٧
داڵ ........ ٤٩
بەستەی چیانشینەکان ........ ٥٠
شەڕ ........ ٥١
دۆزەخ ........ ٥٢
گەرداو ........ ٥٣
ناکۆکی ........ ٥٥
گیڤارا ........ ٥٦
سەمای گوڵاڵەسوورە ........ ٥٧
کوردستان ........ ٥٨
هەڵۆ ........ ٥٩
باڵای چیا ........ ٦٠
دێوجامە ........ ٦٢
شەڕ و یاری ........ ٦٤
مرۆڤێکی ئاسایی ........ ٦٦
پەیکەر ........ ٦٨
بۆ ژنێکی خەمگین ........ ٦٩
نائومێدی ........ ٧١
گەردەلوولی چەوسانەوە ........ ٧٢
کڵپە و شنە ........ ٧٤
ئەستێرە ........ ٧٦




* ئاخاوتنی ئاسایی شاعیرانەترە لە زمانێکی داتاشراو. هەندێ شاعیر گۆمی تەنکی شیعریان بەو ئومێدەی قووڵتر بنوێنێ، لێڵ دەکەن.

## شووشەی بەتاڵ

کە هاوڕێ دێرینەکانم
لە کەناری شەقامی ژیاندا وەکوو
شووشەبیرەیەکی بەتاڵ
جێیانهێشتم
تۆ لەسەر شالقی داری دڵت هێلانەت پێ بەخشیم،
بەوەدا بەم وشکەساڵە داڵدەت داوم
دیارە ژیان ئەوە دەهێنێ ڕۆژانە
ڕەنجی دژواری بۆ بدەی،
تۆ فێرت کردم ئەو زەبرەی
نەمکوژێ گوڕێکی دیکە
بە ڕەوتی ژیانم بدا.

1999



## شووشەی تەمگرتوو

زەریا خەمەکانی لەسەر کەناران دەنووسێتەوە،
بەفر بیرەوەرییەکانی بۆ چیا دەگێڕێتەوە،
سروەی با سەرچڵییەکانی بە گوێی گوڵدا دەچرپێنێ،
منیش شیعرەکانم لەسەر
شووشەی تەمگرتووی پەنجەرەی
ژوورە گەشەکەت دەنووسم.

1999

## پەیمان

محەمەد گفتی جینانی ئاسمان،
مارکس بەڵێنی بەهەشتی زەویی
پێ دابووین کەچی
لەسەر گابەردی حەقیقەت گۆزەی
سۆزی شیرینی هەردووکیان شکا.

1999



## گوڵی باخان

هەر هەمان ئەسپەشێ لە کاتی غاردان‌دا جوانترە
وەکوو لە سەروەختی وەستاندا،
هەر هەمان باڵندە لە کاتی فڕیندا جوانترە
وەکوو لە سەروەختی وچاندا،
پەپوولە لە کاتی گەڕاندا جوانترە،
ئەستێرە لە کاتی کشاندا جوانترە،
وەلێ تۆ لە کاتی ژوواندا و
سەروەختی دابڕان،
لە کاتی فرماندا و
سەروەختی پشوودان،
لە کاتی هێمنی و
سەروەختی هەڵشاخان،
لە گوڵی باخان و
لە ‹جوانی بێ ناو›ی ‹گۆران› و
لە کچی داستانیش جوانتری.

1999

## خەیاڵ

مەمکی قوت
حەسرەتی قوباد و
گەڵای زەرد
غوربەتی محەمەد عومەر و
دەمی تەور
ڕووخساری بکوژی بۆسکانی
دێنێتە بەر چاوی خەیاڵم.

1999



## تارمایی

هۆنراوە لەشێکە لە زمان،
هۆزانڤان کۆشکێکە لە خەون،
نیشتمان باخێکە لە ڤیان.
هۆنراوە تا ناخی دەروونێ نەکاتە هێلانە
مەلێکی بێ گیانە،
هۆزانڤان تا دوور بێ لە وڵات
تارمایی ی ئینسانە.

1999

## مەحاڵ و خەون

بۆ: **شیرین**، ئەوی ژیانی تاڵ کردم.

ئەو شەوە تریفەی لاساری مانگ هەستی کانیاوی بریندار دەکرد و
پریشکی چاوی تۆیش ئاگری لە عومرم بەردەدا،
ئەو شەوەی تۆم ناسی،
خۆم ون کرد.
من دەمویست لە پووشی ڕابردووم
هێلانەی داهاتووم چێ بکەم،
تۆ گڕت بەردایە دیرۆکم.
من بۆیە تاریکیم هەڵدەمژی
تا گەشتر بنوێنم،
تۆ سیمای وەک کەڵبە و نینۆکی وەک چەقۆت نیشاندام.
لە نێوان مەحاڵ و خەوندا
نازانم ملی کام ڕێ بگرم.
قەفەزی بەدەنم زیندانی گیانێکی لەت لەتە،
جیهانم گوندێکی گچکەیە
خەڵکەکەی یەکتری ناناسن.
نازانم بۆ دیسان جەللاد و قوربانی
سەنگەریان لێ گرتووم!
نە ڕۆژم ڕۆشنە،



نە شەوم هەواری وچانە.
گۆی زەوی ژنێکە ڕووت و قووت
لە ڕۆخی زەریاچەی ئەسریندا
خوێنی خۆر هەڵدەمژێ.
کە گەڵا دەوەرێ،
دڵی چڵ ژان دەکا.
نامەوێ هەوری کەس ڕاخەری ماڵم بێ،
بە نسکۆی هیچ سوارێ بەختیار نیم،
دەروونم لە تۆڵە خاڵییە و دەستم پڕ ئەوینە.
پێ دەچێ وێرانەی تەمەنم
بووبێتە هێلانەی ڕەوانی شاعیرێ،
ئەگەر نا
ئەی بۆچی چیرۆکی تەنیاییم ناگاتە کۆتایی؟
تۆ بڵێی دادخوازێ سەروەر بێ،
ئەگەر ئا
ئەی بۆچی هەمیشە بەد زاڵە!
ژین هێندە توند دەستی ناوەتە بەربینم
تامەزرۆی شەرابی مردنم.
بە هیوای زەریا بووم
فرمێسکە ئاوێکم هاتە ڕێ.
چاوەڕێی باخێ بووم
گوڵێکی سیسم دی.
ئەوانەی بە ئاوم دەزانین

سەراب و
ئەوانەی پێم وابوو خاکێکی بەخشندەن
تاوێر بوون.
نە تاپۆی خواستێکم لێ دیارە،
نە لەژێر سەرمدا هیچ نیازێ بێدارە،
تۆ بڵێی سەروەختی مردنم هاتبێ!
چاوەڕێی ژنێکم سەرینم سنگی بێ و
بە چرپەی لێوان و ترپەی دڵ
بمخاتە ناو زەریای خەوێکی یەکجاری.

2000



## مردن

**باربرۆ ليندگرێن**

ئەو ڕۆژە دادێ کە ئێمەیش بمرین،
من و تۆیش دەمرین،
هەرچی ئینسانە هەر هەمووی دەمرێ،
چی گیانەوەر و درەخت و گوڵە
هەر هەمووی دەمرێ
بەڵام نەک هەمووی بە تاقە جارێ
بەڵکو ناو بە ناو،
بە جۆرێکی وا
مەگەر بە ئاستەم هەستی پێ بکرێ.

## نامە

دایە گیان بۆچی هەر لەوێی
خۆ من زۆر زۆرم خۆشدەوێی،
ئەوە ئاسمان هێندە خۆشە
منی لە بیر بردوویتەوە؟
هەتا کەی هەر لەوێ دەبی؟
دایە گیان کەنگێ دێیتەوە؟
دایە ئەوەندەت بیردەکەم
هەموو شەوێ دێیتە خەوم
دایە گەر ناگەڕێیتەوە
پێم بڵێ چۆن بتوانم بۆ لات سەرکەوم.
دایە گیان بێ تۆ هەڵناکەم
هەتا بڵێی بێ تاقەتم،
دەمێکە بە پەرۆشەوە
چاوەڕوانی یەک نامەتم.
خۆم ئەم نامەیەم نووسیوە
بابە یاریدەی نەداوم
گەر وەڵامم نەدەیتەوە
تا ماوم هەر دڵشکاوم.

2000

* بیرۆکەکەی لە شیعرێکی ‹**بو بێریمان**›ەوە وەرگیراوە.



## پیاو

ژن ژنی خۆیەتی
ڕۆژانە دەیداتە بەر شەق و
شەوانیش دەخزێتە ئامێزی،
کەرەسەی ماڵ ئاسا ئەویشی کڕیوە.
وەک پێڵاو سەرنجی ژنی خۆی دەدات و
دەبێتە پێڵاوی ژنانی خۆفرۆش.
هەندێ جار گۆرەویی خۆی دەشوا،
زەڵاتە چێ دەکا،
کە تەواو مەست دەبێ
دۆ و دۆشاو تێکەڵاو دەکات و
گوڵدان و ئینجانە توورِ دەدا و
بڵێسە لە چاوی دەبارێ.
بەدگومان لە چرپەی منداڵ و
جریوەی چۆلەکە و بۆنی گوڵ،
متمانەی بە برای خۆی نییە،
بە هەڵەی منداڵیش هەڵدەچێ،
هەمیشە بیری لای تۆڵەیە،
کە دەستی لە پارە و دەسەڵات گیردەبێ
ئافرەتیش وەک پێڵاو دەگۆڕێ.

2000

* لەژێر کاریگەرێتیی شیعرێکی ‹**سۆنیا ئۆکەسۆن**›دا نووسراوە.

## باوکە من یوسفم

**مەحموود دەروێش**

باوکە من یوسفم،
باوکە براکانم خۆشیان ناوێم،
باوکە نایانەوێ لە نێوانیاندا بم،
سووکایەتیم پێ دەکەن و بەر بەرد و جنێوم دەدەن.
دەیانەوێ بمرم تا ستایشم بکەن.
باوکە دەرگای ماڵەکەتیان بە ڕووددا داخستم،
لە کێڵگە دەریانکردم،
ترێکەمیان ژاراوی کرد و لێستۆکەکانمیان* شکاند.
کە شەماڵ گەمەی بە قژم کرد،
ئێرەییان پێ بردم و
هاتن بە گژمدا و بە ڕووی تۆیشدا هەڵشاخان.
من چیم لەوان کردووە باوکە؟
پەپوولەکان لەسەر شانم نیشتنەوە،
گوڵەگەنمەکان بە سەرمدا نوشتانەوە و
مەلان بەسەر دەستمدا هەڵفڕین.
من چیم کردووە باوکە؟
بۆچی من؟
تۆ ناوت نام یوسف و
ئەوان خستمیانە بیرەکەوە و بەسەر گورگیاندا هێنا.
گورگ لە براکانم دلۆڤانترە باوکە،



مافی کەسم پێشێل کرد کە گوتم:
یازدە ئەستێرە و خۆر و مانگم بینی کوڕنووشیان بۆ بردم.

* کەرەسەی یاری.

** ورد اقل محمود درويش ص٧٧ دار توبقال للنشر ط٢ ١٩٩٠ الدار البيضاء.

هەندێ شیعری **محەمەد ماغووت**

1

ئەی زیندانییانی جیهان
چی هاوار و ترس و بێزاریتان هەیە
هەموویانم بۆ بنێرن،
ئەی ڕاوچییان
چی تۆڕی خاڵیتان هەیە
هەموویانم بۆ بنێرن،
ئەی جووتیاران
چی جلی دڕاوتان هەیە،
ئەی ئافرەتان
هەرچی مەمکی لەتوپەتکراوتان هەیە،
ئەی کارگەران
چی نینۆکی دەرهێنراو و
سکی کونکراوتان هەیە
هەموویان بۆ بنێرن،
بۆ هەر قاوەخانەیەکی
هەر شەقامی
هەر شارێکیان بنێرن بە دەستم دەگەن،
نیازی ئامادەکردنی فایلێکی گەورەم هەیە
لە ئازار و خەمی مرۆڤ،



بۆ ئەوەی دوای ئیمزای لێوی برسییان و
برژانگی هەڵپرووزاوی چاوەڕوانان
بڵندی بکەمەوە بۆ
خوای دلۆڤان،
بەڵام هۆ سوپای خەمباران
زۆر دەترسم
خوای گەورە نەخوێندەوار بێ.

2

ئەی زانایان
بلیتێکی سەفەرم دەوێ بۆ ئاسمان،
من نوێنەری وڵاتە خەمگینەکەمم،
من دەمڕاستی
بێوەژن و پیرەمێرد و منداڵانیم،
چونکە دراوم فرمێسکە
بلیتێکی خۆڕاییم دەوێ بۆ ئاسمان،
گەر جێ نییە
منی لادێیی ڕاهاتووم،
لە دوای دواوە
یان لەسەر پشتی سوار دەبم،
بەڵێن دەدەم
نە دڵی هەور دێشێنم،
نە ئەستێرە ئازار دەدەم،
من تەنیا

دەمەوێ
بگەمە قووڵایی ئاسمان و
قامچییە بدەمە دەست خودا
بەڵکو بۆ ڕاپەڕین هانمان دا.

3

هەموو کێڵگەکانی دنیا
دژی دوو لێوی شەقارن
هەموو ڕێگاکانی مێژوو
دوژمنی دوو پێی خاوسن.
خۆشەویستم
ئەوان سەرقاڵی سەفەرن
ئێمە دیلی چاوەڕوانی،
ئەوان خاوەنی سێدارەن
ئێمە گەردن،
ئەوان خاوەنی مروارین
ئێمە برین،
ئەوان خاوەنی کازیوە و ڕۆژ و شەون
ئێمە پێستی زبر و ئێسقان،
ئەوی ئێمە لەبەر خۆرەتاو دەیچێنین
ئەوان لەبەر سێبەر دەیخۆن،
بەرۆکیان دەڵێی ئاوریشمە
سنگمان ڕەق وتەقە وەکوو
مەیدانی لەسێدارەدان،



ماڵیان نوقمی شیرینییە
گەڵای ڕزیو ماڵی ئێمەی داپۆشیوە،
بەرکیان هەواری ئەدرەسی ناپاکە و دز
گیرفانمان جێی ناونیشانی
هەورەبروسکە و ڕووبارە،
ئەوان خاوەنی پەنجەرەن
ئێمە شەماڵ،
ئەوان خاوەنی پاپۆڕن
ئێمە شەپۆل،
ئەوان خاوەنی نیشانن*
ئێمە لیتە،
ئەوان خاوەنی تەلار و شوورای بەرزن
ئێمە پەتی زبر و خەنجەر،
دە گیانەکەم
وەرە با هەر ئێستا لەسەر پیادەڕێیە
تێر لێی بنووین.

4

لە تاریکیدا دەنووسم
گەلێ کەڕەت
قەڵەمەکەم
جیا ناکەمەوە لە پەنجەم،
هەر کە لە دەرگایە دەدرێ،
کە دەنگی ئۆتومبیلێ دێ

به دەستم نووسینەکانم دەشارمەوە
وەک لەشفرۆشێکی قاچاخ
کاتێ هەڵدەکوتنە سەری.

*

جێخەوەکەم سارده و تاریک
مەمکەکانت دوو چۆلەکەن لە پشکۆ.
دەموچاوم
لە نێوانی دوو مەمکە دڵنەرمەکەتدا
دەشارمەوە و
وەک کۆچەری هاواری خێڵەکەم دەکەم.
لە ئێوارە ساردەکاندا
کە ئەم بۆ باڕ،
ئەو بۆ داڵدەیە دەگەڕێ
من بۆ وشەیە دەگەڕێم.

* میداليا

** أعمال محمد الماغوط، محمد الماغوط، ص ١٨٣، ١٨٤، ٢٠٠، ٢٠٧، ٢١١، ٢١٣ دار المدى ١٩٩٨ دمشق.



دوو شیعری **یۆران پاڵم**

‹١› **سەردانی سەگ**

من خۆم تێک نادەم
دەخوازم بۆنم پێوە بکا،
یان هیچ نەبێ لێم بترسێ و هەڵێ،
کەچی زێتر لێم نزیک دەبێتەوە و
بە ئەژنۆم قوونی دەسڕێ و
وەک چۆن بە هێمنی هات
هەروایش بەجێم دەهێڵێ.

‹٢› بەشێک لە شیعری **پیاو قسە دەکا**

تۆ: هەرگیز بێ دایکت هەڵناکەی،
من: پشتم هەر بە خۆم ئەستوورە.
تۆ: لاواز،
من: هەستیار.
تۆ: هەڵدێی،
بەڵام من پاشەکشێی لێ دەکەم.
تۆ: جوانیت،
من: بەهێز.
تۆ: شەیدای،
من: دەڵێی ئاگرم.
تۆ: خوازیار،
من: دوودڵ.
تۆ: بوویتە خاوەنی مێردی خۆت،
وەلێ من ئازادیم لە کیس چوو.
خانوو من دەیکرِم،
کەچی تۆ تیا دەژیت.
ئاخر من ئیش دەکەم
بەڵام تۆ هەمیشە لە ماڵی.
من لە نێو جێگەدا بەکارم،
کەچی تۆ دەبیتە خاوەنی رەوەیە منداڵی ئێسکسووک.



من: نانیان بۆ دابین دەکەم و
تۆ دەیانگریتە ئامێزت.
من: رۆڵی کەڵەشێر دەبینم،
تۆ: مامر.

* SVENSK 1900 TALSLYRIK, Christina Brockman, s. 204 & 213
Berlings Arlöv 1993

## تریفه

تا حەزم لێت بێ، هەر خۆشمدەوێی،
تا خۆشمبوێی، هەر دەتپەرستم،
تا بتپەرستم، هەر تامەزرۆتم.

*

من بۆیە دەتپەرستم
چونکە زۆرم خۆشمدەوێی،
کوڕنووش بۆ خوداوەندێ
نابەم ترسم لێی هەبێ.

*

باڵای شەپۆلت با هەر بڵند بێ
زەریاچەی هێمن تاسەم ناشکێنێ،
ماچت برینی ڕۆح سارێژ دەکا
کۆچت خەمی کۆن دادەگیرسێنێ.

*

هەر جارێ کە دڵم لێ دەدا
دەبێژێ:
ئەوەندەم خۆشدەوێی
مەگەر هەر کاکەمەم
ئەوەندە تامەزرۆی زین بووبێ.

1997



## داخوازی

تکایە ئەمجارە
پڕ مشتێ لە خۆڵی
بناری باڵانبۆ بنێرە،
لەوەی قەت پۆستاڵی عەسکەر و
پێڵاوی پێمیم و
دامێنی پیاوانی ئیمامی نەدیبێ،
کیسەیە شەماڵی کەناری تانجەرۆ بنێرە،
لەوەی قەت دووکەڵی فڕۆکەی ڕژێم و
هەناسەی سەرانی هەرێم و
گفتاری شمشێری ئیسلامی نەدیبێ.
کیژۆڵەی هۆنراوەم بە ڕووتی جوانترە
پۆشاکی قازانجی تایبەتی مەنێرە،
بێستانی دەروونم تینووە
بارانی ئەوینی ئاگرین بنێرە،
کۆڵانی ڕەوانم تاریکە
دیوارکۆی چاوانت بنێرە،
سەعاتێ شک نابەم تیا بژیم
تۆزقاڵێ ژیانی گەرم وگوڕ بنێرە،
تامەزرۆی شوێنێکم لێی بمرم
سێبەری ئەرخەوان بنێرە.

1997

## گەڕانەوە بۆ بەهەشتی یادگار

لە نامەی یەکەمدا دەڵێی:
خۆشمدەوێی
پڕ بە دڵم،
یان هەر بۆ تۆم،
یان هی گڵم.
نامەیەکی ڕازاوەی تر
تیا دەپرسی:
کە بووینە هاوسەری یەکتر،
یەکەم منداڵ
ناو بنێین چی؟
لە دوا نامەتا دەپرسی:
کە شیرینی خورایەوە،
هەموو شتێ بڕایەوە،
مانگی هەنگوین،
بۆ کوێ بچین؟
کە سەیری وێنەکەت دەکەم
چاوم زاخاو دەداتەوە،
دەرگای بەهەشتی بەختیاریم
لەسەر پشت بۆ دەکاتەوە.



نامەکانت
هەر کامێکیان دەخوێنمەوە
تەزووی شادی
دەڕژێنێتە ناو خوێنمەوە،
ئیتر چۆن هەتاکوو دەمرم
هەڵیاننەگرم؟
لە چوارچێوەی دڵیان نەگرم؟

1971

## دڵنیایی

وەکوو چۆن لام
ئاشکرایە و لێی دڵنیام
ڕۆژێ دادێ
سەربکەوێ گەلی ڤێتنام،
ڕۆژێ دادێ
جووتیار خاوەن زەوی و زار بێ،
کارگە موڵکی کرێکار بێ،
ڕۆژێ دادێ
بیری ڕۆشن
بگاتە دوورترین لادێ،
وایش دەزانم
هەموو توانات
تەرخانە بۆ تەفرەدانم،
بۆیە چی تر
گوێ بۆ گفتارت شل ناکەم،
کۆتی جوانیت لە مل ناکەم.

1973



## هۆ خوشکێ گیان

کاتێ زامی سنگی ئەختەر دێتەوە سوێ
لە یادمای
هۆ خوشکێ گیان،
کە جەمیلە ئازار دەدرێ
لە یادمای
هۆ خوشکێ گیان،
کە ئەنجیلا
لە زیندانێکی نووتەکدا
بێ باک دەنوێ،
لە یادمای
هۆ خوشکێ گیان،
هاوڕێی خەباتی شەقام و
لوتکەی چیا و
چەقی زیندان.

*

دە یاخیبە لەو کۆمەڵەی
وەکوو ئینسان بۆت ناڕوانێ،
دە یاخیبە لەو کۆمەڵەی
بە ئینسانی پلەی دووەمت دەزانێ،
دە یاخیبە لەو یاسایەی

گوێ بۆ دەنگت ڕاناگرێ،
دە یاخیبە لەو یاسایەی
وەک چۆلەکە سەرت دەبڕێ،
دە یاخیبە هۆ خوشکێ گیان
هاوڕێی خەباتی شەقام و
لوتکەی چیا و
چەقی زیندان.

1976



## ژیانێکی بێ کۆتایی

بۆ شەهید **ئەکرەمی حەپسە**

گەر چی خونچەیە بخوازێ
دوا خونچە دەم بکاتەوە
کام گوڵزار دەڕازێتەوە؟
گەر چی تنۆکە بارانە
بخوازێ خۆی
دوا دڵۆپ گۆی زەویی ماچکا
کام کانی دەبووژێتەوە؟
ئەگەر هەر چی ئەستێرەیە
بخوازێ چی درەنگترە چاو هەڵبێنێ،
کام ئاسمان دەدرەوشێتەوە؟
لە سەردەمێکی نووتەکدا
یەکەم ئەستێرە چاوت بوو،
یەکەم خونچەی تامەزرۆ بۆ گەشانەوە
ڕووی عاشقی هەتاوت بوو،
یەکەم باران خوڕەی خوێنی ڕژاوت بوو،
یەکەم سەنگەرت هەڵبژارد،
یەکەم نامەی ئاگرینت

بۆ ئامێزی خامۆشی چەوساوەکان نارد.

*

من دەزانم
تینوو چەند دڵی لای ئاوە،
گەلا چەند هۆگری چڵە،
لاس چەند خەزاڵی خۆشدەویست،
پەپوولە چەند شەیدای گوڵە،
بەڵام کێ سنووری عەشقی
تۆ بۆ هەژاران دەزانێ؟

*

خەرمان چەند لە گڕ دەترسێ،
ماسی چەند لە تۆڕ دەترسێ،
شەوەزەنگ چەند لە پرشنگی خۆر دەترسێ،
دڵی لەشکری بۆرژوا
هێندە لە بڕوات ترسا بوو،
لافاوی توانای چەوسێنەر
بەرانبەر دیواری ورەت حەپەسا بوو.

*

شێوەت ڕووبارێکی هێمن،
ناخت گڕکانێکی مەزن،
ترپەی دڵت زەنگی هێرش،
سەرنجت مەشخەڵی شۆڕش،
دەنگت سروودی ڕاپەڕین،



هەنگاوت عاشق و شەیدای
هەڵگرتنی شوێن پێی لینین.

*

ئەو ڕۆژانەی مردن چاوڕێی دەکردی،
کەشتیی خەیاڵ
بەرەو کەناری کام دەریای
یادی جارانی دەبردی؟
مەلی تاسەت لەسەر چڵی کام یادگار دەنیشتەوە؟
پەپوولەی دڵت بە هیوای
دیداری کام گوڵەباخ بوو؟
پاشەڕۆژی ‹ڕۆزا›ت چۆن دەهاتە بەر چاو؟
وەڵامی پرسیارەکانی ‹سەنگەر›ت چۆن دەدایەوە؟
کاروانی ئەندێشەت زێتر
لە چ هەوارێ لای دەدا؟
لە شام یان لە زۆنگاوەکان، یان لە بەغدا؟
کە دەگەڕایتەوە بەرەو سلێمانی
گیانی نەمری کام هاوڕێ دەیدوانی؟
‹لەتیف›ی مەرد؟
یا ‹بەختیار›ی شادی نەدیو؟
یان هەر ‹حەمە کوڵەباڵ›ی هاوڕێی گیانی؟

*

ئەکرەم بە شاخێ ورەوە
بەرەو مەرگ هەنگاو دەنێ،

سەرنجی ئاسۆی ڕوون دەدا و
بە تارمایی تەڵخی مردن پێدەکەنێ.

*

دەزانم بەر لەوەی یەکەم چەپکە هەتاو
مژدەی ڕۆژی نوێ بهێنێ،
ماری مردن
خۆی لە داری باڵاتەوە دەئاڵێنێ،
بەڵام کاتێ ڕوو بە ڕووی مەرگ دەبیتەوە،
باڵای مردن هێندەی پاژنەت خۆی دەنوێنێ.

*

تاریک و ڕوون کە پێت دانا
لەسەر یەکەم پلە* بەرەو ئەڵقەی پەتی گریساوی
مەلی سروودێکی پیرۆز
قەفەزی بێدەنگیی شکاند،
هاژەی دەنگت گۆمی مەندی
بەندیخانەی ‹موسڵ›ی هەژاند،
هەتا دوا گەڵای هەناسەت
لە درەختی سییەکانت جیا بووەوە
تۆ هەر دەتگوت:
‹هەڵسن لە خەو کۆیلە و برسی ئەم جیهانە
ئەی ئەوانەی ساڵ دوانزەی مانگ برسیتانە.›

*

ژیانت کەی دەستی پێ کرد؟



یەکەم هەنگاوی تێکۆشان،
ژیانت کەی کۆتایی دێ؟
کاروانی ئەم پرسە هەرگیز ناگاتە جێ.

1983

(١) ڕۆزا و سەنگەر، کچ و کوڕی شەهیدن.

(٢) شەهیدان: لەتیف و بەختیار و حەمە کوڵەباڵ، هاوڕێ نزیکەکانی ئەکرەم بوون.

(٣) ئەم شیعرە هاوینی 1983 لە ‹کار›دا، کە ئۆرگانی گرووپێکی مارکسی بوو، بڵاو کرایەوە.

* پلە: جێپێی پەیژە و پێپلکە.

## شەهیدێک بیروڕای خۆی دەردەبڕێ

بۆ شەهید **ئازادی مەلا محەمەد**

ئابڕوو هەڵوێستە لەم گەلە،
ئابڕوو هەڵوێستە لەم خاکە،
ئەوی ئەم گەلەی خۆشناوێ بێ ئابڕووە،
ئەوی ئەم خاکەی خۆشناوێ بێگانەیە
کێ دەڵێ خەڵکی وڵاتی
بەفر و کانی و داربەڕووە؟

*

کە داگیرکەران دەبینن
لە چایخانە،
لەسەر شەقام،
لە هەر شوێنێ،
خۆتان گێل کەن
وەکوو چاوتان نەیانبینێ،
کە بە لایاندا ڕەت دەبن،
سڵاو مەکەن،
وا بزانن
ئەوانە پشیلەن، سەگن، مشکن، کوللەن،
کە پرسیاریشتان لێ دەکەن



خۆتان وەها نیشان بدەن
لە زوبانی ئەوان ناگەن.

*

چاوەڕوانیت؟ چاوەڕوانیت و هیچی تر؟
ئەوی تەنیا چاوەڕوانە،
پێ بزانێ و پێ نەزانێ
ڕازییە بەم ژینە پڕ ئازار و ژانە،
ئەوی قایل بێ بەم ژینە ترسنۆکە،
دوژمنانیش دەیانەوێ
ئێوە هەموو ترسنۆک بن،
پێتان دەڵێم:
ئەوی بترسێ ناپاکە،
ئەوی بترسێ دەچێتە بەرەی دوژمن.

*

گەر دەتەوێ
لەشکری مردن ڕاو بنێی،
دەبێ بەرەو ئامێزی مەرگ
بوێرانە هەنگاو بنێی.
گەر دەتەوێ مانایە
بۆ ژینت دەست نیشانکەی،
دەبێ سەراپای ژیان
بۆ چەوساوە تەرخانکەی،
گەر دەتەوێ ژیانت

ژوورێ نەبێ چۆڵوهۆڵ،
چۆن دەبێ بۆ خۆت بژیت،
خەمی گەل نەکەیتە کۆڵ؟
ئەوی تەنیا هەر بۆ خۆی،
بۆ خۆی دەژی و هیچی تر
خۆی نازانی ژیانی
کوورەیەکە بێ ئاگر؟
ئەوی بەشداری ناکا
لە شەڕی گەل و خاکا،
بۆچی لە خۆی ناپرسێ
بیانووی ژیانی چییە؟
من نازانم جیاوازی مان و نەمانی چییە.

*

گەر حەز دەکەن
وڵات سەربەست،
میللەت شاد بێ،
پێ لە زنجیر،
دەست لە کەلەپچە ئازاد بێ،
گەر حەز دەکەن
‹بە لاشەی بۆگەنی دوژمن
تێر پەیین بێ کێڵگەی وڵات،›
بێتە بەرهەم ڕەزی ئاوات،
دەبێ هەموو ئامادە بن



خۆتان ئەو ڕۆژە نەبینن،
ئەوساکە ئەو ڕۆژە دێ،
ئەوساکە سروەی شادی
دەگاتە هەموو شارێ،
دەگاتە هەموو گوندێ.

*

ڕق نەمامێکی پیرۆزە،
هێدی هێدی گەورە دەبێ و
دەبێتە درەختی بەردار،
درەختی ڕق بەری تەواوی گرتووە،
‹دوێنێ زوو بوو،
سبەینێ کات بەسەر چووە.›*
هەژارینە لێی کەنەوە
کاتی ڕاپەڕین هاتووە.

*

ئەی گەلەکەم
تۆ بۆ ئەوە دروست نەبووی
سەراپای ژین بە شاخەوە بەریتە سەر،
بەڵام ئەی کێ دەڵێ بۆ ئەوە خوڵقاوی
سەر نەویکەی بۆ داگیرکەر؟

*

من ژنم نەهێنابوو تاکوو دوای خۆم
چەند منداڵێ جێ بهێڵم وەکوو مۆم

له شەوگاری نیشتمانا داگیرسێن
بۆ پەلامارێکی تر ببنە هەوێن
تاقە وەچەیە پاش من بمێنێ
تۆڵەسەندنە،
تاقە یادگارێ بە جێمهێشتبێ
خۆ بۆ ئازادیی بەختکردنە.**

1982

* لینین.

** کاریگەرێتیی ‹بیرەوەرییەکانی ساڵانی ڕەش›ی جان جینێ ی لەسەرە.



**سنەوبەر**

هۆ مەردەکەی گردی یارە
ئاگادار بووی ئەم بەهارە،
قەڵغان بەرۆکی کچان بوو
بۆ شەستەبارانی گوللە؟
ئاگادار بووی سوپای زەروو
بەربووە خوێنی ئەم شارە؟
ئاگادار بووی لاوانی کورد
لە شەقامەکانی شاردا
شەیتانیان بەردباران دەکرد؟
ئاگادار بووی جۆگەلەی خوێن
لە بناری سەیوانەوە
ڕووی کردە شار؟
چاوی منداڵ
نیشانە بوو بۆ تیری داڵ؟
هۆ مەردەکەی گردی یارە،
هۆ پیرەمێرد
ئاگادار بووی گەردن نەدەترسا لە کێرد؟
قەڵای ورەی ‹دایە ئامین›
بەرز بوو وەک لوتکەی سەفین؟
سەری بڵندی ‹سنەوبەر›
گەیشتبووە ئاستی هەور؟

ماندووی قەدی باوەڕی بوون
خێڵی تەور؟

*

تۆیە بروسکە لە تیشکی
چاوی گەشت بترسێ،
پەتی سێدارە لە پرچت،
گوللە لە سنگی سەرکەشت بترسێ،
زنجیر لە پێت،
دار لە لەشت بترسێ،
ئاخۆ وەچەکانی نیرۆن
لەبەردەم کێوی ورەتا
چۆن لەرزینێ لەرزی بن،
سنەوبەر؟
لەبەردەم بورکانی قین و تووڕەییتا
چۆن بەزینێ، بەزی بن،
سنەوبەر؟

*

کە دەبینی
خوێندکارانی ئەم وڵاتە
یەخەی شەقامیان گرتووە،
خەنجەری دەبانی تۆڵە
کێلانی بە جێهێشتووە،
کە دەبینی سنگی کەنیشک



لە ڕێژنەی گوللە ناترسێ،
منداڵ لە زللە ناترسێ،
کە دەبینی هاوڕێیانت دەیانەوێ
تەمی خەم بڕەوێتەوە،
تاڤگە بۆ شاخ،
ماسی بۆ چەم،
زمان بۆ دەم،
جووتیار بۆ گوندی دێرینی بچێتەوە،
لە خۆشیدا مەزارەکەت جێدەهێڵی و
لە بەهەشتی بەختیاریدا سەما دەکەی
سنەوبەر،
شەڕ لەگەڵ هێزی بێ شکۆی تەما دەکەی
سنەوبەر.

*

ببوورە لێم
کە ناتوانم شیعرێ بڵێم
شیاوی باڵای تۆ بێ،
ئەگەر شیعرێ هەر دێڕێکی هەڵۆیە بێ،
هەر حەرفێکی پشکۆیە بێ،
هێشتا دەستی ناگاتە داوێنی تۆ،
گەشتر نابێ لە دڵۆپێ خوێنی تۆ.

1982

## گۆرانییەکی خەمگین

بیرەوەریت باڵدارێکە
بە ئاسمانی کوردستاندا
بەرز دەفڕێ،
دەنگت شنەی شەماڵێکە
سەر بە ژووری تاکەکەسیی تەنگی زینداندا دەکات و
بە چیادا هەڵدەگەڕێ
حەمە هاوڕێ،
ئێستایش تانجەرۆی هێمن و سیروانی خوڕ
کاتێ بە یەکتری دەگەن
باسی دڵی ئاگرینت
بۆ یەک دەکەن،
ئێستایش لە ناخی دەروونی
ڕەنجدەرانی شارەزووردا
پەیکەری باڵای یادی تۆ
بەرزترە لە زمناکۆ،
ئێستایش کاتێ ڕووناکایی
ماڵئاوایی لە شار دەکا،
کە شەوەزەنگ
هەڕەشە لە ڕێبوار دەکا،
خۆری گیانت



شەقام و ڕێ
لە تاریکی ڕزگار دەکا.
خۆزگەم بە خۆت هاوڕێی زیندوو
لاپەڕەیەکی لە مێژوو،
کتێبێکی لە داهاتوو.

1976

## داڵ

که داڵێ چاوی تەرمێ دەردێنێ
مەبەستی نییە
لاشەی بەردەستی
چۆن کەسێ بووە،
بەڵام ئەو چەمەی ‹کوردە›ی لە ناو برد
ئەگەر دەیزانی
گوڵی ژیانی
کێی وەراندووە
سەدان نەفرەتی
لە هەر دڵۆپە ئاوێکی دەکرد.

1986



## بەستەی چیانشینەکان

ئەی چیاکان
ئێوە هەورازتان تەختایی
بەفرتان پەمووە لای من،
ئەی دوژمنان
فڕۆکەی ئێوە کۆلارە
مووشەکتان بەڕووە لای من،
ئەی هەژاران
خۆشویستنی ئێوە داب و خووە لای من.
ئەی شەهیدان
هاژەی دەنگتان
شەپۆلی هەورەگرمەیە،
دەروونتان نێرگزەجارە،
چاوتان ئەستێرەگەشەیە،
باڵاتان سوورەچنارە،
گیانتان هەڵۆی بەرزەفڕی سەگرمەیە.
ئەی کوردستان
تۆ گلێنەی دیدەمی و
برژانگم پەرژین،
تۆ کۆرپەلەی دڵەکەمی و
سنگیشم جۆلانەی ئەوین.

1985

## شەڕ

‹شەیتان و خوا
شەڕیانە
گۆڕەپانی شەڕەکەیان
ناخی دڵی ئینسانە،›*
سوپای هۆلاکۆی سەردەم و ئازادیخواز
شەڕیانە
گۆڕەپانی شەڕەکەیان
کوردستانی وێرانە،
سەرمایە و کار،
بەست و ڕووبار،
شەڕیانە
گۆڕەپانی شەڕەکەیان
سەرانسەری جیهانە.

1985

* دەستۆیفسکی



## دۆزەخ

دانتی دەبێژێ:
لەسەر دەروازەی دۆزەخ نووسراوە:
ئەی ئەوانەی دوا بارگە و بنەتان
لەم شوێنە دەخەن
ئەگەر هێشتاکە باڵندەی هیوا
لە ناو دڵتاندا هەر هەڵکورماوە،
ملی هەڵکێشن!
مەلی ئومێدی دێرینتان مافی ژینی نەماوە.
کەچی خەڵکی ئەم وڵاتەی دۆزەخێکە ڕاستەقینە،
ئەم وڵاتەی بە ناڕەوا گوتیان بەهەشتی زەمینە،
ئەگەرچی ئاشنان لەگەڵ
ئاگر و پەتی سێدارە،
وەلێ هێشتا لە ئاسمانی هیوایاندا
دەیان ئەستێرەی گەش دیارە،
هێشتا گەرووی بۆ قومێ ئاو تامەزرۆیان
بە هیوای هاژەی ڕووبارە.

1985

## گەرداو

داوی ئازار
لە دەنووک و باڵی باڵدار،
ئاڵاوە،
سیمای ئافرەت
بە زەبری پەژارە و خەفەت،
شێواوە،
دڵی منداڵ
بە چنگی خەم
وەک پرتەقاڵ،
گوشراوە،
داسی زۆردار
هێرشی بۆ ملی هەژار،
هێناوە،
مانگی ڕووخساری گەلەکەم،
بە تەمی چڵکنی ماتەم
گیراوە،
بەسەر شار و بەسەر گوندا
بەسەر دۆڵ و دەشت و دوندا
پەپوو باڵی وەکوو ڕەشماڵ،
هەڵداوە،



چرپەی سەنگەر،
تۆراوە،
هەوری بەهار،
کانی و ڕووبار،
گەرووی هەژار
وەکوو ئاشی ئاو لێکەوتوو،
وەک جەنگەڵی چەکی نوستوو
بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشاون
دەڵێی ساوای لە بێشکەدا تاساون،
بەڵام ئەو دێوی ماتییەی
چۆکی لەسەر سنگی وڵات
داداوە،
هێمنی پێش
گەرداوە.

1984

## ناكۆكی

ڕۆژانی زوو
پیاوێ هەبوو
لە وەختی شایی و سەیراندا
ئەسرینی گەرمی خوێنینی
دەشتی بەرینی تەڕ دەکرد!
لە ڕۆژانی کۆستی گەورە و قوڕپێواندا
پێکەنینی گوێچکەی ئاسمانی کەڕ دەکرد!
چلەی هاوین
شەیدای ملپێچ و قاپووت بوو!
ڕۆژانی تۆف و کڕێوە
ڕووت و قووت بوو!
لە مزگەوت و خانەقادا خۆی مەست دەکرد!
لە قوژبنی مەیخانەدا نوێژی دەکرد!
بۆ دوژمنان دەستەمۆ بوو
بۆ دۆستان دەست بە چەقۆ بوو!
گەرچی ئێستا بەسەرهاتی ئەو پیاوە
وەک قسەی خۆش لە سەر دەمی خەڵک ماوە
بەڵام خەڵکی ئەم سەردەمە ڕەوتاریان
کوا جیاوازە لەگەڵ نوکتەی سەر زاریان!

1985



## گیڤارا

دنیا هێمنە،
ئەو دەنگە دەنگە
کۆڕژنی ئەسپی هۆزانی منە.
دنیا تاریکە،
ئەو ڕووناکییە
تیشکی ئاگری ڕەوانی منە.
دنیا خەزانە
ئەو گەڵا سەوزە
پەیڤی بوێری سەر زاری منە،
دنیا لە قوڕی خەودا چەقیوە،
ئەو جموجووڵە
شەقژنی خواستی باڵداری منە.

1985

کاتێ دڵدارێ لە دڵخوازەکەی
جیا دەکرێتەوە،
گڕی ئەوینی زێتر هەڵدەکشێ،
کاتێ جووتیارێ
لە نیشتمانی دوور دەخرێتەوە،
ڕەگی عەشقی خاک
قووڵتر بە ناخی دڵیا ڕۆ دەچێ،
کاتێ منداڵێ زوبانی دایکی لێ زەوت دەکرێ
خواستی بە زمانی زگماک پەیڤین لای
جێگیرتر دەبێ.
دەگونجێ جووتیار
گوندی دێرینی بەجێ بهێڵێ،
شوان شمشاڵەکەی،
شیرین تەشییەکەی،
بەڵام بنار چۆن شاخ جێ بهێڵێ!
بەڵام کانی چۆن باخ جێ بهێڵێ!
چی پەردەی ڕەشە
سیمای زنەیەک ناشارێتەوە،
سەمای گوڵاڵە
کەناری دیجلەش دەتەنێتەوە،

1979





کوردستان، قەڵای سەختی خۆڕاگرتن
کوردستان، بەربەستی لافاوی مردن

کوردستان، کوردستانی سەراپا گڕ
کوردستانی دەریای خوێناوی بێ بن

کوردستان، گردی سەیوان هاوار دەکا
نەوەی تۆ سڵ ناکاتەوە لە کوشتن

کوردستان، پەتی هەموو سێدارەکان
گەردنی بڵندی ڕۆڵەت دەناسن

کوردستان، بە دارستانی شمشێردا
هەنگاو دەنێی بەرەو لوتکەی سەرکەوتن

کوردستان، هەرچی درەختە چەقۆ بێ
بولبولت کۆڵ نادا لە بەستە گوتن

کوردستان، هێرشی چەوساوەکانت
ئاگرە بۆ خەرمانی شادیی دوژمن.

1981

## هەڵۆ

دەستم داوەتە بەرۆکی خەنجەر
گەردن لە چەقۆی تازەساو دەسووم
لە چاڵی چاوی زۆردارا تیرم
لە ماڵی پاڵە و کارگەرا کوانووم.

گەرچی ئەم شەڕە نابەرانبەرە
من پەرت و بڵاو، دوژمنم کۆیە
بەڵام کەی ژیان بە سەری نەوی
ویستی گەردنی کێلی هەڵۆیە؟

بۆرژوای کورد و عەرەبی برای
دەمی بڕندەی یەک قەیچین هەردوو
چۆڕاوگەی خوێنم دەستی لایەکیان
سوور دەکا ئیدی درەنگ بێ یا زوو.

1985



## باڵای چیا

بۆ گەلی کورد
لوتکە
لاپاڵ
بناری شاخ
دەکاتە گوند؟
بۆچی شەیدای باڵای بڵندی چیایە؟
بۆ هۆگری چاوی ڕۆشنی کانیاوە؟
ئێوە هەرگیز بە شانەی ئەم پرسیارانە
قژی بیرتان داهێناوە؟

*

ئەگەر تەلبەندی دڕکاوی
ملوانکەی گەردنی شار بێ،
چی دێهاتە بریندار بێ،
دەشت پڕ کوللە
ئاسمان پڕ داڵ
چەم پڕ ژار بێ،
ئەگەر دوژمن چی باخە داگیری بکا
هەرچی چرایە خامۆش و
چی مەلە یەخسیری بکا،
ئێمەش تەنیا هەر خاوەنی باڵای شاخ و

چاوی کانی و
ئەستێرەی گەشی بڕوا بین
ملکەچ نابین.
بەڵام گەر لێومان نەگاتە کانی
دەستمان بەربێ لە ملی چیا
پێشمان دەبێتە لەشکری دوژمن،
پشتمان بە دەریا،
بەڵام ئەگەر دڵ
بۆ کۆرپەی بڕوا نەکەینە بێشکە،
وەچەی دوای ژانی دژواری چیا
ئەمجارەش مشکە.

1985



**دێوجامە**

ئەو هەورەی هەر بگرمێنێ
کە دایکرد زۆر نابارێنێ،
ئەو چەمەی هاژەی گوێی چیا
کەڕ بکا ناگاتە دەریا،
ئەو ڕێبوارەی بە پەلە بێ
یەکەم هەوراز
دەستبەرداری کاروان دەبێ.

*

ئەی گەلە بەشخوراوەکەم
ئیتر بەسە
مەخەڵەتێ بە دروشمی پرشنگهاوێژ!
بە دێوجامەی کەڵەک و درۆ و دەلەسە!
ئەی گەلە تەنیا باڵەکەم
مەکەوە دووی گەڕەلاوژە!
مەخەڵەتێ بە فرمێسکی گەرمی ئیبلیس!
بە ئەستێرەی کاروانکوژە!
بە پێمیمی ڕەوتار پۆلیس!
ئەی گەلە خۆشباوەڕەکەم
مەکەوە دووی
داهۆڵی خۆ بە سەرۆک زان!

مەبە بە کۆیلەی ئارەزووی
جەردە و دزان!
مەبە بە مەتارە و توێشووی
بێچووە هیتلەر!
بۆ کۆنە سیخوڕ و گزیر
مەبە بە قەڵغان و سێبەر!
ئەی گەلە ستەمدیدەکەم
گلێنەی هەردوو دیدەکەم.

1985



**شەڕ و یاری**

هەر شەوێ لە بنارەوە
بڕژێنە گەرووی شارەوە
بۆ بەیانی
منداڵانی کۆڵانانی هەژارنشین
دەست بە تفەنگی دارەوە
دوو کۆمەڵە پێکدەهێنن،
لایەنێکیان ڕۆڵی دوژمنان دەبینن،
لە ناکاو شەڕ هەڵدەگیرسێ،
قەڵەمی ئاکام هەمیشە
سەرکەوتن بۆ ئێوە و هەرەس
بۆ خێڵی دوژمن دەنووسێ.

*

هاوڕێی شیرین
گەر دەتەوێ
ڕەوتی خەبات
بەرەو هەواری هیوا بێ،
هێشووی شادی
بەرهەمی ڕەزی بڕوا بێ،
گەر دەتەوێ
شەقی مێژووت بەرنەکەوێ،

گەر دەتەوێ
قەڵای ورەی دایکی شەهید
هەر بڵند بێ،
بەستەی ئومێد
لەسەر زاری شار و گوند بێ،
با سەرنجت لای گزنگی ڕزگاری بێ
نەک شەوی تاری وتووێژ،
نەکەی دەستی تەوقە نەبەی
بۆ دەستی چەپەڵی خوێنڕێژ!
نەکەی بووکی شۆڕش نەبەی
بۆ ژووری نوستنی دوژمن!
نێرگز نەبەی بۆ گوڵدانی ژنی دوژمن!
هەڵۆ نەبەی بۆ ناو قەفەز
هەڵۆ ناژی
دوور لە بەفر و لوتکە و ڕەوەز.

1983



**مرۆڤێکی ئاسایی**

چاوەڕێم بە
هێندەت زانی بەیانییەک
لە وێسگەی پاسی تەنیشتی
مزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ
وەکوو جاران
بە پارووپەکی گەرمەوە چاوەڕێتم.
چاوەڕێم بە
هێندەت زانی ئێوارەیەک
لە تووی مەلیک
وەکوو جاران
بە نامیلکەی قاچاخەوە چاوەڕێتم.
چاوەڕێم بە
هێندەت زانی جەژنی نەورۆز
لە گۆڕستانی شەهیدان
لە سایەی ئەرخەوانێکدا
وەکوو جاران
بە هۆنراوەیەکی نوێوە چاوەڕێتم.
چاوەڕێم بە
هێندەت زانی دەمە و بەهار
لە کەناری ڕێی بەکرەجۆ
بە کەرەسەی تەواوەوە چاوەڕێتم.

چاوەڕێم بە
هێندەت زانی لە چایخانەکەی مام عەلی،
لە کتێبخانەی گەلاوێژ،
لە نووسەران،
لە باخی گەل،
لە پێشانگای هونەرمەندێ،
لە شانۆگەرییەکی نوێ
بە دڵێکی پەرۆشەوە چاوەڕێتم.
کە هاتمەوە
بەر لەوەی تاسەی دووریمان لێکتر بشکێ
هێندەت زانی
دەستم لە تەکسییەک ڕاگرت
تا بزر بم لە چاوانی ئەو شوفارەی
دوور و نزیک دوام کەوتووە،
هێندەت زانی جارێکی تر
گوتیان: حەمەسەعی حەسەن هەڵاتووە.
قوتابیانی قوتابخانەی برایەتی
ببوورن لێم
داخ نەمتوانی دەرسەکەتان بۆ تەواوکەم
دەیانگرتم،
دەبوو هەڵێم.

1988

شوفار: جاسووس



**پەیکەر**

دوێنێ بە پێی کاتی سەرۆک
سەعات چواری دەمە و عەسر
خودی سەرۆک
سەرێکی کوتوپڕی دا
لە شاری دڵگیری سەرۆک،
لەوێ لە گەڕەکی سەرۆک
لە گۆڕەپانی سەرۆکدا
دوای گوتارێکی مێژوویی
پەردەی لەسەر پەیکەرێکی سەرۆک لا برد.

1989

## بۆ ژنێکی خەمگین

* سیماتم پێ نامۆ نییە،
پێ دەچێ یەکترمان دیبێ؟

ـ نا، یەکەم جارە
زنەی بیناییم بە دیداری تۆ ببووژێتەوە،
ئەوی کەڕەتێ لە ڕۆخی چاوتا ئۆقرەی گرتبێ
مۆمی ڕووخسارت قەت لە ناخیدا ناکوژێتەوە.

کە سەرنجی دەریای مەندی چاوت دەدەم
بەسەرهاتی
دەیان کارەساتی مەزن دەخوێنمەوە،
بیرەوەریی تەمەنێکی لە خەمدا ون دەخوێنمەوە،

من نازانم چۆن
تاڵێ لە تیشکی هیوا بڕژێنمە چاوەکانتەوە؟

فەرموو ئەوە هەموو ژینم،
دەبا پەپوولەی خەندەیە
تاوێ گوڵی لێوت بمژێ،
تەنیا هەر شیعرە سامانم،



فەرموو ئەوە شیعرەکانم
دەبا چاوت دڵۆپێ خۆشیی تێ بڕژێ.

*

جاران فریشتەی شیعر جار جارێ دەهاتە ژوانم،
کەچی لەوساوە دڵەی سەرەڕۆم
بە دەریای چاوی تۆ سپاردووە
دەڵێی ڕەشمارێ
لەسەر گەنجینەی خۆڕسکی شیعرم
پەپکەی خواردووە،
دەڵێی دەنووکی شالووری وشەم گرێ دراوە،
دەشێ گەنجینەی بێبەهای شیعرم
مروارییی ئەشکی چاوی تۆی دیبێ!

1989

## نائومێدی

سینەی کەشکۆڵی هەواڵی ناخۆش،
چاوی ئەشکدان،
دڵی هێلانەی پەڕەسێلکەی خەم،
دەروونی گڕکان،
گەرووی سەرچاوەی هاوار و ناڵە،
جگەری لەت لەت،
هەناوی دەریای بێ بنی زووخاو،
خۆراکی خەفەت،
بۆ کوردستانی ژێر دەمی چەقۆ،
بۆ گەلی کوردی لە سایەی گڕدا چاوەڕوانی پەت.

*

چارەنووسی لێڵ،
ڕووخساری نامۆ،
پۆشاکی مەینەت،
دەربەدەر و وێڵ
شادە بە ئەستۆی زنجیری غوربەت،
ڕۆژی شەو، شەوی نووتەک و درێژ
ژین بەفێرۆچووی دەستی بۆرژوا،
چاوانی کول بوون
ئەوەندەی گێڕان بۆ تیشکی هیوا.

1989



## گەردەلوولی چەوسانەوە

مێشهەنگ شانە،
مێرووله شار،
مەل هێلانە،
ماسی ڕووبار،
ئەستێرە ئاسمانی هەیە،
وەلێ هەژارانی جیهان
بێ نیشتمان.
منیش وەکوو ڕەنجدەرانی هەموو زەوی
لە زێدی خۆمدا نامۆ بووم،
گەردەلوولی چەوسانەوە
لە ڕەگەوە هەڵیکێشام،
لە  دەستی ڕاوچی دەرباز بووم
ئێستا لە ناو دەمی گورگام.
* باوکە بۆچی ئێمەت هێنا؟
من دەمەوێ بڕۆمەوە.
ـ کوڕم بۆ کوێ؟
بۆچی بستێ زەوی هەیە
داڵدەی لێقەوماوان بدات؟
کوڕم گەورە بووی تێدەگەی
نەمدەتوانی

لەبەر دەستی خوێنرێژاندا بەجێتبێڵم،
بەرخم بمبەخشە ناکرێ
بتنێرمەوە بۆ بەردەمی چەقۆی قەساب،
کورم منیش دەشتی پەژارە دەکێڵم،
ڕۆڵە منیش وەکوو تۆ بێ دەسەڵاتم،
غەریبم،
ئاوارەم،
وێڵم.

1989



## کڵپە و شنە

لە زەیتوون: ڕۆن،
لە مێخەک: بۆن،
لە گەنم: نان،
‹لە ماچ: ئینسان
پەیدادەبێ،›*
لە زەبر و سەرکوتانەوە:
تەقینەوەی چەوساوەکان
پەیدادەبێ.
پاڵە: بەرهەم،
تەنیایی: خەم،
سامان: ستەم
دەخوڵقێنێ،
ناکۆکیی نێوان چینەکان:
گڕکانی قینی هەژاران،
دەتەقێنێ.
لە دوای شەوی ئەنگوستەچاو:
تاڵی زێڕینی خۆرەتاو،
لە دوای بەستەڵەکی زستان:
کانیی وەکوو چاوی قرژانگ،
دوای ئازاری دژواری ژان:

منداڵی جوان،
سەرهەڵدەدا،
لە دوای کڵپەی ئەم دۆزەخەی ئێستەی جیهان:
شنەی شەماڵی بەهەشتی چەوساوەکان،
سەرهەڵدەدا.

1989

* پۆڵ ئێلوار



## ئەستێرە

لە شاربازێڕی سەختەوە،
لە بناری سەگرمەوە،
کە هەر چەند میلێ دوور دەبووم
لە دڵی کوردستانەوە،
هەموو شەوێ
چراخانی ئاسمانی سەر سلێمانی
کانیی شلوێی دڵی ڕۆشن دەکردمەوە،
سەرنجم هەر لای ئەو ڕووناکاییە بوو،
هەتا چاوم ماندوو دەبوو،
هەتاکوو خەو دەیبردمەوە.
ئێستا دوورم
بینینی ئەو چراخانەی
ئاسمانی ئاستی شارەکەم
دوورەدەستە لە مەحاڵ،
ئێستا دوورم
لەسەر پەنگر
گوێقوڵاغم بۆ یەک هەواڵ،
نە دەوێرم
زەنگ بۆ ناسیاوێ لێ بدەم،
نە دەوێرم

نامەیەکی چاوفرمێسکاوی بنێرم.
ئێستا شەوان
لەم وڵاتە سەر بە تەمومژ گیراوە
هەر کاتێ ئاسمان ساماڵ بێ
چاوی ماندووم
دەگێڕم بۆ ئەستێرەیەکی گەشاوە
تا لە ئاوێنەی چاویدا
سلێمانی و
دار و بەردی هەموو کوردستان ببینم.

1990



## ڕازێکی پیرۆز

دەزانی من چەن شەیدای تۆم؟
هێندەی ئەگەر مەل بوومایە
لە نێو قژتا
هێلانەم چێ دەکرد بۆ خۆم.
ئەگەر پەپوولە بوومایە
پەنجەیەکتم دەکردە مۆم،
تا دەسووتام
لە دەوری تیشکی دەگەڕام.
لاولاو بووایەم
بە باڵاتا هەڵدەزنام،
شەنگەدرەختێ بوومایە
سێبەرم هەر بۆ تۆ دەکرد،
پاشای جیهانیش بوومایە
من کوڕنووشم بۆ تۆ دەبرد.
بەفر بووایەم
هەر بەسەر شاخی گەردنی
بڵندی تۆدا دەباریم،
شەماڵ بووایەم
قژی خاوی تۆم دەکردە
هاوڕێی هەمیشەیی یاریم.

باران بووایەم
هەر تۆم بە کێڵگە دەزانی،
چاو بوومایە
تاکوو لێڵاییم دادەهات
هەر بۆ جوانی تۆم دەڕوانی.
من نازانم
پەنجەم لەبەر تاڤگەی قژتا
بنویێ خۆشە
یا خەرمانەی دەوری مانگی مەمکۆڵەت بێ؟
من نازانم
کۆرپەی دڵم
لە ئامێزی نەرم و شلتا
ئێشکگر بێ،
یا هەر تینووی
ئەو سنگە توند و تۆڵەت بێ؟
من نازانم
کە گەڵای ژینم دەوەرێ
باسکم لە قەدت ئاڵابێ
خۆشترە یا لە گەردنت؟
بەڵام لەوە بێ گومانم
خۆشە مەرگم بکەوێتە پێش مردنت.

1991



**بەرهەمی چاپکراوی نووسەر**

**کۆمەڵە شیعر**

تاڤگە و بنار ١٩٧٨
سەمای گوڵاڵەسوورە ١٩٨٧
هەڵەبجە غەززەی خەمناکە ١٩٨٨
لە سایەی چەقۆدا ١٩٩٠
پەپوولە پاییزە ١٩٩٣
هاژە ١٩٩٦
نووسین بەبێ وشە ١٩٩٩
کتێبێک لە داهاتوو ٢٠٠٠

**ساتیر**

بۆ بازرگانانی ڕێگەی سوور ١٩٩١
دەفتەری بەرباخەڵی بیرەوەرییەکانم ١٩٩٨
هونەری ڕاوەژن ٢٠٠٠

**ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ١٩٧٩
ناوەڕۆک و شێوە لە چیرۆکی کوردیدا ١٩٩٢
سەبارەت شیعری هاوچەرخی کوردی ١٩٩٢
شیعر و هەڵوێست ١٩٩٤
یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟ ١٩٩٤
گۆرانییە باڵنەکراوەکان ١٩٩٤
شیعر و تەور ١٩٩٨
زەردەخەنەی هەنسک ٢٠٠٠
نامەیەک لە هەولێرەوە ٢٠٠٠

**وەرگێڕان لە سویدییەوە**

کورتەی مێژووی سوید ١٩٩١
کورتەی جوگرافیای سوید ١٩٩٢
چاوشارکێ ‹چیرۆکی منداڵان› ١٩٩٣

کتێبەکانم بەم ناونیشانە داوا دەکرێن:
Hamasaeid Hassan
Vasa v. 20 B
641 32 K- HOLM
SWEDEN

# کتێبێک له داهاتوو

حەمەسەعید حەسەن



بە هیوای زەریا بووم
فرمێسکە ئاوێکم هاتە ڕێ.
چاوەڕێی باخێ بووم
گوڵێکی سیسم دی.
ئەوانەی بە ئاوم دەزانین
سەراب و
ئەوانەی پێم وابوو خاکێکی بەخشندەن
تاوێر بوون.
نە تاپۆی خواستێکم لێ دیارە،
نە لەژێر سەرمدا هیچ نیازێ بێدارە،
تۆ بڵێی سەروەختی مردنم هاتبێ!
چاوەڕێی ژنێکم سەرینم سنگی بێ و
بە چرپەی لێوان و ترپەی دڵ
بمخاتە ناو زەریای خەوێکی یەکجاری.

EN BOK AV FRAMTID

poem

HAMASAEID HASSAN

2000

ISBN 91- 973944- 1- 6